# حیزب و گەندەڵی ... هێمن عومەر



لەدوای ڕاپەرینی ساڵی 1991 دوای ئەوەی میللەتی کورد لەکودستانی باشور تا سنورێك بەحوکمڕانی خۆی گەیشتوە و ئەمڕۆکە پەرلەمان و حکومەتی خۆی هەیە هەرچۆنێك بێت بە هەموو کەم و کوڕی و گەندەڵیەکانیەوە جیاوازیەکی زۆر تیدا بەدی ئەکرێت لەگەڵ پارچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی ئەو نیشتمان و میللەتە.
لەگەڵ هەموو ئەو کەم و کوڕیانەشدا ناکری جیاوازی بکرێ لەگەڵ پارچەکانی دیکەدا چونکە دەبی هەوڵبدری نێو ئەو ماڵە جوانترو باشتر بکرێت لەهەموو لایەنێکەوە واتا لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەشەی پێبدرێت و پاك کرێتەوە لەو هەموو گەندەڵی و بەد ئەخلاقیەی کە کەسانی گرگن بەڕاست و بەچەپدا تێیکەوتون.
ئەمڕۆکە زیاتر لە چواردە ساڵە بەسەر ئەو حکومڕانیەدا تێدەپەڕین، ئەوەی کە بەرچاوی ئەو میللەتەی تاریك و ناشرین کردوە ئەوە ئەو هەموو گەندەڵی و فەسادی و قات و قڕی و گرانی و نەبونی کارەباو ئاوو بەنزین و نەوت و خزمەتگوزاریەکانی دیکەیە. کە لەجیاتی ئەوەی چاك بکرێت هەر خراپترو نغۆ تر ئەبێت.
سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکی دڵنیایە لەوەی کە سامان و سەرچاوەی دەرامەتی ئەو هەرێمە زۆرەو باوەڕ بەوە ناکرێت کە نەتوانرێت کۆنترۆڵ و ڕیفۆرمی تەواو بکرێت و بەو شێوەیە دەست بەسەر ئەو بە درەوشتیە نەگیرێت کە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و هتد... گرتوەتەوە بەوشێوەیەش ژیانێکی ئاسودەو جوان بۆ ئەو میللەتە دروست دەبێت و ئەوکاتیش دەسەڵات ئەو پەیوەندیە دوبارە دروست دەکاتەوە کە پێویستە هەبێت لە نێوان میللەت و دەسەڵاتدا، بەردەوامی ئەو ڕەوشەو ئەو خۆ گێل کردنە سەرەنجام جگە لەوەی میللەت ئەوە زەرەر باری یەکەمەو باجی سەرەکی دەدات بەڵام دەبێت دەسەڵاتیش ئەوە بزانێت ئەویش دەکەوێتە ژێر پرسیارەوەو وەڵامەکەشی قورس دەبێت.
هۆکاری سەرەکی ئەو گەندەڵی و فەسادیەش ئەوە حیزبە کەوەك و ئاغاو کوێخاکانی سەردەمی فیوداڵی و دەرەبەگی لە هەموو کون و کەلەبەرێك بە ئی خۆیان دەزانن و خۆیان لە هەموو شتێك هەڵقورتاندوە بەتایبەتی دام و دەزگا حکومیەکان کە هیچ پەیوەندیەکیان بە حیزبەوە نیە و ئەوە موڵکی هەموو تاك و کەسێکە کە خزمەت بەو وڵات و نیشتمانە بکات بی جیاوازی فکری و حیزبی بەڵام تاوەك و ئێستا عەقڵی حیزبی کوردی دورە لە تێگەیشتنێکی حیزبیانە وتێگەیشتن لەوەی کە سنوری دەسەڵاتی چەندە لە سیستەمی دیموکراتیدا.
هەر هێندە نەبێت کە شەوو ڕۆژ گوێی ئەو میللەتەیان پی کاس کردوە کەچی تاوەك و ئێستا بەرپرسە پلە گەورەکانیشیان نازانن وشەی دیموکراتی لە چیەوە هاتوەو مێژوەکەی چ سەردەمێکە هەر هێندە نەبێت کە دەیانەوێت لە ژێر باڵی ئەو چەمکەوە وەك و مار بەگیانی خەڵکیەوە بدەن و نەهێڵن ئەو میللەتە ساتێك خۆشی بە خۆیەوە ببینێت، لەبەردەوامی ئەو بارەشدا دەکری ئەوە بوترێت تاوەك و ئەقڵیەتی حیزبەکانمان ببنە ئاغاو کەڵگای دەزگا کۆمەڵایەتیە حکومی و مەدەنیەکان ئەوە بەدڵنیاییەوە کەسانی کاڵفام و بودەڵو گرگن کە هەر ڕۆژەی لەسەر پەتێك خەت خەتێنیانە ئەوە لێناگەڕێن کەسی شیاوو شایستە بگات بە شوێنی خۆی تاوەکو میللەت و حکومەت لەو بەد ئەخلاقی و گەندەڵیە نەجاتی بێت کە سەرچاوەکەی حیزبە لە حکومەتداو گەر وابڕوات قبوڵ ناکرێت.